خودا ئەوەی بیباتەوە مولْکی خۆیەتی وئەوەیشی بیبەخشێت هەر مولْکی خۆیەتی، وهەموو شتێک لە لای ئەو کۆتایی وئەجەلێکی دیاریکراوی هەیە؛ بۆیە ئارام بگرە وداوای پاداشت بکە

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: کچێکی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی نارد بۆ ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە لایان ئامادە بێت چونکە کوڕەکەی خەریکە دەمرێت، وئەویش -صلى الله عليه وسلم- سەلامی بۆی نارد وفەرمووی: «خودا ئەوەی بیباتەوە مولْکی خۆیەتی وئەوەیشی بیبەخشێت هەر مولْکی خۆیەتی، وهەموو شتێک لە لای ئەو کۆتایی وئەجەلێکی دیاریکراوی هەیە؛ بۆیە ئارام بگرە وداوای پاداشت بکە»، دیسانەوە کچەکەی کەسێکی نارد وسوێندی خوارد بۆ ئەوەی (بەپەلە) ئامادە بێت، بۆیە ئەویش -صلى الله عليه وسلم- هەستا لەگەڵ سەعدی کوڕی عوبادە وموعازی کوڕی جەبەل وئوبەی کوڕی کەعب وزەیدی کوڕی سابت وهەندێک پیاوی تر -ڕەزای خوایان لێبێت- ومنداڵەکە کاتێک بەرزکرایەوە بۆ باوەشی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تووشی هەناسەپرکێ بوو، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاوی پڕ لە فرمێسک وگریا، سەعد ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەمە چییە؟ ئەویش فەرمووی: «ئەمە ڕەحمەتە خوای گەورە کردوویەتیە نێو دڵی بەندەکانیەوە»، ولە گێڕانەوەیەکدا: «کردوویەتیە نێو دڵی هەربەندەیەک کە خۆی بیەوێت، وخوای گەورە ڕەحم بەو بەندانە دەکات کە بە ڕەحم وبە بەزەیین بەرامبەر بە خەڵکی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئوسامەی کوڕی زەید -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە یەک لە کچەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی نارد بۆ ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە لای ئامادە بێت چونکە کوڕەکەی خەریکە دەمرێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی پێگەیشت وپێی فەرموو: (خودا ئەوەی بیباتەوە مولْکی خۆیەتی وئەوەیشی بیبەخشێت هەر مولْکی خۆیەتی، وهەموو شتێک لە لای ئەو کۆتایی وئەجەلێکی دیاریکراوی هەیە؛ بۆیە ئارام بگرە وداوای پاداشت بکە)، وفەرمانی کرد بە نێردراوەکە کە فەرمان بە کچەکەی -دایکی منداڵەکە- بکات کە ئەم وشانە بڵێت، (ئارام بگرە): لەسەر ئەم کارەساتە. (وداوای پاداشت بکە): وبەهۆی ئەم ئارامگرتنە داوای پاداشت لە خودا بکە؛ چونکە خەڵک هەیە ئارام دەگرێت بەڵام داوای پاداشت ناکات، بەڵام ئەگەر ئارام بگرێت وداوای پاداشت بکات ئەوا پاداشتی دەدرێتەوە. (خودا ئەوەی بیباتەوە مولْکی خۆیەتی وئەوەیشی بیبەخشێت هەر مولْکی خۆیەتی): بەڕاستی ئەمە ڕستەیەکی زۆر مەزنە؛ هەموو شتێک مولْکی خودایە بۆیە ئەگەر شتێکت لێ بسێنێتەوە ئەوا مولْکی خۆیەتی، چۆن تۆرە دەبیت وناڕازی دەبیت لەسەر ئەوەی شتێکت لێ بسێنێتەوە لەکاتێکدا مولْکی خۆیەتی؟ بۆیە سونەتە ئەگەر مرۆڤ ناخۆشیەکی بەسەردا هات بڵێت: - إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ - واتا: -ئێمە مولْکی خودایین، وهەر بۆ لای خودا دەگەڕێینەوە- بۆیە خودا هەرشتێک بهێنێت بەسەرماندا ئەوا ویستی خۆیەتی، ئەوەی خودا دەیبەخشێت مولْکی ئێمە نییە، بەڵکو هەمووی مولْکی خودایە، ومرۆڤ ناتوانێت بە ویستی خۆی ئەوەی خودا پێی بەخشیووە بەکاریبهێنێت چونکە لەڕاستیدا مرۆڤ مولْک وخاوەنی ئەو شتە نییە ودەبێت بەو شێوەیە بەکاریبهێنێت کە خودا ڕێگەی پێداوە، بۆیە ئەگەر ئەوەی مولْکی خودا بێت وبیبەخشێت چۆن دەبێت مرۆڤ ناڕەحەت ودڵتەنگ بێت کاتێک بەخشینەکە بۆ لای خۆی دەباتەوە؟ وچۆن دەبێت تۆرە وناڕازی ببین لەکاتێک کە پادشا مولْکی خۆی بۆ لای خۆی بباتەوە -سبحانە وتعالى-؟ ئەمە پێچەوانەی ئەقڵ ودەقە!. وفەرمووی: (وهەموو شتێک لە لای ئەو کۆتایی وئەجەلێکی دیاریکراوی هەیە): ئەگەر لەم بابەتەش دڵنیا بووین لەگەڵ ئەوەی پێشووتردا ئەوا ڕازی دەبیت، وئەم ڕستەیە مانای

ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێت ئەوەی نووسراوە بیگۆڕێت نە بە پێشخستن ونە بە دواخستن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَلا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَسْتَقْدِمُون} [یونس: 49] واتە: {بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک کاتێکی دیاری کراو هەیە ئەگەر کاتەکەیان هات ئەوا نە ساتێک دوا دەکەون نە پێشیش دەکەون}، ئەگەر شتێک لە قەدەردا بڕیاری لەسەر درا بێت ئەوا مرۆڤ ناتوانێت پێشی بخات ودوای بخات، بۆیە تۆرە بوون وناڕازی بوون هیچ سوودێکی نییە چونکە هیچ شتێک ناگۆڕێت وتەنها زیانی دەبێت، ئەم ڕستانە گەیشت بە کچەکەی بەڵام ئەو داوای کرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەپەلە ئامادەبێت چونکە زۆری نەماوە کە کۆرەکەی بمرێت، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- هەستا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵان وگەیشتە لای، وکۆرەکە بەرزکرایەوە بۆ باوەشی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتووشی هەناسە بڕکێ هاتبوو، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گریا وبە چاوەکانیدا فرمێسک هاتە خوارەوە، سەعدی کوڕی عوبادە پێی وابوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ناڕازییە بۆیە گریا، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەمە ڕەحمەتە) واتا گریا وەکو ڕەحمەتێک بەرامبەر ئەم منداڵە نەک بەهۆی ناڕازی بوون لەسەر قەزا وقەدەری خودا، وپاشان فەرمووی: (وخوای گەورە ڕەحم بەو بەندانە دەکات کە بە ڕەحم وبە بەزەیین بەرامبەر بە خەڵکی) وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گریان ئاساییە بۆ کەسێک کە تووشی ناخۆشی هاتبێت بەڵام بە بێ ئەوەی ببێتە هۆی نیاحە ودەنگ بەرزکردنەوە دەربڕینی ناڕازی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3290